نـەدا

وەرگێران: عوسمان _ م

# ووشەی " نە"

من قەت فێری ووشەی " نە " نەبووم
دایکم
باوکم
مەکتەب
کۆمەڵگا
هچکاتێک ووشەی " نە "یان فێری من نەکرد
من زۆرێک لە ووشەکان فێر نەبوم
ووشە روون و کراوەکان
ئەو ووشانەی نیشانەی چلۆن بون و چلۆن ژیانن
ووشە قەدەغەکان
ئەو ووشانەی لە قاموسی کچان و ژنانی کۆمەڵگادا
دانەنرابون
ئەو ووشانەی کە تەنیا لە پاوانی نیمەیەکی تری کۆمەڵگادا بوو
من و ژنانێکی زۆری هاوزادم لێیان بێ خەبەر بوین
من قەت فێری ووشەی " نە " نەبوم
من هیچکاتێک نەموت " نە "
بەرانبەر بە دیلی و کۆیلەتی
بەرانبەر بە زوڵم و ستەمەکان
ب ووشەی سوکی " بەڵێ " ڕاهاتم
من هیچکاتێک هەلم بۆ نەڕەخسا کە بیر لە ووشەی نە بکەمەوە و
بەر لەوەیکە بیر لەم ووشەیە بکەمەوە ووشەی " بەڵێ "یان
بە سەرمدا سەپاند
من بە ووشەی " بەڵی " خۆم نەبوم
لە خۆم بەتاڵ بوم

ئەمخوارد
بەرەو ئالودەییەکان دەچوم
شادیم دەکرد
ڕەنجم دەکێشا
کارم دەکرد و
زاری دەستە چڵکنینەکانی نابەرابەری بوم و
من قەت هاوارم نەدەکرد و
ووشەی " نە "م بە زمان دا نەدەهات
چونکە فێری ووشەی " نە " نەبوم و
بە ووشەیەکی قەدەغە و پاوانکراوم دەزانی تا
رۆژێکیان کە برا بچوکەکەم بە ووشەکان یاری ئەکرد
ووشەیەکی تازەم بیست " نە "
بە پەلە ووشەکەم لێی رفاند و
لەسەر یەک دوپاتم دەکردەوە، نە، نە، نە
براکەم گۆڕاندی:
ئەمە ووشەی تۆ نییە
ئەم ووشەیە بۆ تۆ قەدەغەیە و
من پێکەنیم
من فێر بوم
من ووشەیەکی تازە فێر بوم
ووشەی خەبات
راپەڕین و خواستن
من ووشەی " نە " فێر بوم و
بە " نە " فێر بوم
کە وولامی تەواوی پرسیارەکان و خواستەکان " بەڵێ " نییە